هەفتەی داهاتو لەسەرجەم دامەزراوەکانی سەر بە حکومەتی عێراق بەبێنەی جەژنەوە پشووە

ئێنجومێنی وەزیرانی عێراق بڕیاریدا بە درێژایی هەفتەی داهاتو بکاتە پشو لەسەرجەم دامەزراوەکانی سەر بە حکومەتی عێراق بەبێنەی جەژنەوە.

نوسینگەی سەرۆکی ئێنجومێنی وەزیرانی عێراق بڵاویکردەوە، "بە بێنەی جەژنی ڕەمەزانەوە ئێنجومێنی وەزیران بڕیاریدا بە درێژایی هەفتەی داهاتو بکرێتە پشوی فەرمی".

بەگوێرەی پێشبینییەکان، یەکەمین ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان لای پەیڕەوانی سوننە مەزهەب دەکەوێتە ڕۆژی یەکشەممە (30ی ئازاری 2025) و لای پەیڕەوانی شیعە مەزهەب ڕۆژی دوشەممە (31ی ئازاری 2025).